کورد حەقی خۆیەتی شانازی بەڕابردووی خۆیەوە بکات.. ڕەسوڵ بێسکێنی

کوردستان بەکۆمەڵێك دوژمنی دڕندە و چەوسێنەر دەورەدراوە، لەلایەن ئەوانەوە، هەمیشە کورد وەك گەلێکی نەخوێندەوار و نەزان و دڕندە و پیاوکوژ و تاڵانچی ناسێنراوە، بەدرێژایی مێژوو کورد لەژێر باری داگیرکاری ئەواندا تاڵاندویەتی، هەمیشە پەسندی خۆیان و شکستی کورد و بێبایەخ کردنی زمان و کەلتور و مێژوو و ڕابردووی خۆیان لەلای کەم بایەخ کردووە، نووسەری کوردزمانی عەرەبی نووسی وامان هەبووە، قسەی نووسەرە عەرەبەکان ڕادەگوێزێ و لەسەر ئارەزووی هەستی ئەوان دەڵێ ڕیشەی کورد لەجنۆکەیە، ئەو هەموو کوردە زانا و نووسەرە بەرزانە، یەکێك نەهات بەدرۆیان بخاتەوە، تەنانەت شەرەفخانی مێژوونووسی گەورەی کوردیش، قسەی ئەوان دووبارە دەکاتەوە، هەرتەنیا بەوەندە وازدێنێ، دەڵێ” هەر خوا بۆ خۆی دەزانێ”.

دوژمن و نەیارانی بەشێوەیەك بوونی کوردیان لەبەرچاوی خۆی ڕەش کردووە، کورد خۆی ڕقی لەڕابردووی خۆیەتی و نایەوێت پەسندی هیچ شتێکی ڕابردووی خۆی بدات، بالەوانیش باشتر و بەرزتربێت، کەچی گومانی لەڕەگەز و بنچینەی خۆیەتی، بۆ نموونە عەرەب لەپێش ئیسلام و سەردەمی جاهیلی لەناو نیوە دروگەی عەرەبدا بەدەستی خۆیان داروبەردیان دەتاشی و پەیگەریان لێ دروست دەکرد و ناویان دەنا (منات، لات، عوززا…) دەیان پەرست، بەڵام کاتێ عەرەب دێنە سەر باسی دینی کۆنی کورد دەڵێن: کورد مەجوسی بووە، چەندین کەسی کوردم بینیوە بەخراپە ئەمەی دووبارە کردۆتەوە، پێیان وایە ئەوە هێندە شتێکی خراپە تائاستی گومڕابوون، لەڕاستیدا کورد خۆری خۆش ویستووە و ڕێزی لێ گرتووە، پێیوابووە خۆر سەرچاوەی ژیان و ڕووناکی و وزە و مایەی نەشونومای مرۆڤ و ئاژەڵ و گیاو گۆڵ و دانەوێڵەبووە، حەقی خۆیەی ڕێزی لێ بگرێت، هەزاران جار لەبتپەرستی عەرەب باشتربووە، کەچی کورد ملکەچی قسەی دوژمنەکەیەتی و پێی وایە ئەو ڕاست دەکات.

دوژمنانی کورد ئەوەندەیان کاریگەری لەسەر کورد داناوە، وایان کردووە خۆیان لەلای کورد وەك پیرۆز و گەورە سەیربکرێن، وایان پیشان داوە کورد لەچینی ژێرەوەی کۆمەڵگایە و ئاستی لایەنی کۆمەڵایەتی لەچاوئەواندا زۆرنزمە، لەبەرئەمە هەموو بنەماڵە و

خانەدانی کورد بنەچەی خۆیان بردۆتەوە سەر عەرەبان، ئەمەئەوەندە کاریگەری لەسەر کورد داناوە، گەورەمێژوونووسی کورد شەرەفخانی بدلیسی لەکتێبە بەناوبانگەکەی شەرەفنامەدا ئاماژەی بەوەداوە، زۆربەی پاشا و میر و خانەدانەکانی کورد ڕەچەڵەکی خۆیان دەبەنەوەسەر کەسایەتیەکی ناوداری عەرەب، بەتایبەت بنەماڵەی پێغەمبەر و هاشمی و ئەسحابەکان، هی وایان تێدایە بنەچەی خۆی بردۆتەوەسەر خالیدی کوڕی وەلید، بێ ئاگالەوەی خالید کەسی لەپاش بەجێ نەماوە و بنەماڵەکەی هەموویان بەنەخۆشی تاعون لەناوچوون، لەناو هەموو بنەماڵەکانی شەرەفنامەدا تەنیا بنەماڵەی شەرەفخان خۆیان نەبردۆتەوە سەرعارەبان، بەڵام ئەویش بنەچەی خۆی بردۆتەوە سەر ئیرانیەکان، کەچی عەرەب شانازی بەبنەماڵەی خۆیانەوە دەکەن و بنەچەی خۆیان نابەنەوە سەر پێغەمبەر و سەحابەکان.

دوژمنان بۆ شکست و چاوشکاندنی زیاتر گەلی کورد ناوی کرمانجی لێناوە، بەسوك و کەم بایەخ سەیر کراوە، یەکێك لەوتارێکدا نووسیبووی: دایکم لەزمانی باوك و باپیرانیەوە دەیگێڕایەوە: تورکەکان کەدەهاتنە هەولێر دەیانوت ئێوە ئەسڵزادە نین و کرمانجن، زمانەکەشتان زمانێکی ڕەسەن نییە و نابێ بەزمانی کوردی قسەبکەن، شەوان دەهاتن لەدەرگایان دەدا، ئەگەر خاوەن ماڵ وتبای (کێیە) ئازاریان دەدا و دەیانوت بۆ بەکوردی قسەدەکەی، هەرکەس وتبای (کمدر) دەیانوت ئەوە لەخۆمانە، خەڵاتیان دەکرد و زەوییان پێ دەبەخشی، زمانی کوردییان ئەوەندە لەلا کەم بایەخ کردوون، ئەو هەموو نووسەرە گەورانەی کورد، کەلەئاست شارەزاییان مرۆڤ سەرسام دەبێت، ئەوان خزمەتی گەورەیان بەئیسلام و زمانی عەرەبی کردووە، بەڵام جورئەتیان نەکردووە بەزمانی شیرنی کوردی بنووسن، بەڵکو لەبابەتە مێژوویی و زانستی و فەلسەفیەکانیاندا نووسینەکانیان بەعەرەبی یازمانی تر نووسیوە و بەلای کوردی نووسیندا نەچوون، باوەڕیان پێهێناون، زمانی کوردی زمانی نووسین و ڕەسمی نییە، بەڵکو زمانی نەخواندەوار و شوان و لادێ نیشینەکانە.

هەتا ئەم دوایانە و تەنانەت ئێستاش زۆر لەوانەی تازە دەنووسن بەڕوونی لەنووسراوەکانیاندا، زۆر بەئاسایی چەندان نووسراو دەبینیت لەسەر گاڵتەکردن بەزمان و فەرهەنگی کوردی. تەنانەت نووسەری کوردی وا هەیە زۆربەی کاتی کاری هێرشکردنە بۆ سەر ڕابردووی کورد و فەرهەنگی کوردی، ئەم دیاردەیە بەشێوەیەك لەهەستی کورددا ڕەگی داکوتاوە لەناو خەڵکی گشتیشدا گۆڕەپانەکە لەبارە بۆ کارکردن لەم بوارەدا، خۆم لەهەشتاکانی سەدەی ڕابردوو گوێم لەپیرەپیاوێك بوو بەشێوە زمانی فارسی گۆی دەکرد وەدەیوت جاران دەیانوت:

زبانی فارسی شەکەرأست
زبانی تورکی هونەرأست
عەرەبی زبانی اول و ئاخیرأست
زبانی کوردی کیری خەر(کەر)أست

ئەم شیعره هەروا سادە و ئاسایی نییە، ئەمە بۆچوونێکی دژوار و نامۆیە، کورد سەبارەت بەزمان و فەرهەنگی خۆی، ئەم بیرکردنەوە نەشیاو و ناقۆڵایەی ڕیشەیەکی مێژوویی قووڵی لەناو فەرهەنگی کوردیدا هەیە.

ئەم کردەوە خراپانە لەجەوهەری دروست بوونی کورد دابوونی بووە، ئەمە خووڕەوشتێکە لەدەرەوە بۆی هاتووە، بێگانەو دوژمنی کورد فێری ئەو خاسیەتە نالەبارەی کردووە، بێگومان کورد وەك گەلێکی ژێردەستە لەلایەن نەتەوەی سەردەستەوە، لەپاڵ چەوساندنەوەی نەتەوایەتیدا ئەوەندە باسی دواکەوتویی و بێ فەرهەنگی کورد و ئەو قسانەی بەگوێیدا چرپاندووە و لەناو مێشکیدا چەسپاندوویەتی، کە ئەوان واتە کورد بێکەڵکی هیچ نایەن، زمانیان زمانێکی دواکەوتووە و خۆشیان لەئاستی نزمی کۆمەڵایەتیدان، ئەوەندەیان بۆ وتونەوە تاکو باوەڕیان پێهێناون، بڕوایان بەخۆیان نەبێت، ڕقیان لەخۆیان و ڕابردوویان بێت، بڵێت ئەوان لەکورد ڕەسەنترن، بۆیە هەموو شتێك شایانی ئەوانە و پێویستە کورد لاسایی کاراکتێرەکانی نەتەوەی باڵادەست بکەنەوە، خۆیان بەلاوە گرنگ نەبێت.

سەرگورشتەی سەمەرە وا بەلای نووسەری فارسی (سەعید کەرامەت)ەوە، نووسیویەتی: کورد خاوەنی هیچ جۆرە جل و بەرگێکی تایبەت بەخۆی نییە و ئەو شێوە جل و بەرگەی ئێستا کورد دەیپۆشن، ئەوە جلی سوپای ئینکشاری (یەنیچەری) عوسمانیە، کاتی خۆی ئەو سوپایە بەناو هەموو ناوچەکاندا بڵاوبوونەتەوە و کورد کەبینیویانە ئەم جلە بۆ ئەوان باشە و لەگەڵ کەشوهەوای وڵاتی کورد گونجاوە، بەچاولێکەری سوپای یەنیچەری ئەو جلەیان پۆشیوە و وەکو جلی نەتەوەیی پیشانی دەدەن، (عوسمان رەحمانی) ناوێکیش وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و زۆریش پشتگیری ئەو نووسەرە فارسە دەکات کە بەڵێ ئەو شێوە بەرگەی ئێستا دەیپۆشن ئەوە جلی سوپای یەنیچەری عوسمانیە، بەڵام ئەگەر چاوێك بەو کتێب و سەرچاوە و نووسراوانەی پێش هاتنی تورکەکان بۆ ئەم ناوچانە بخشێنین، کەلەلایەن بێگانەکانەوە نووسراون، سەدان وێنەت بەرچاودەکەوێت بەجلی کوردییەوە کێشراون، لەگەڵ ڕێزم ئەمە قسەیەکی بێ بنەماو بێ بەهایە، کەجلی کوردی هی سوپای یەنیچەری بووە و بەهۆی گونجانی لەگەڵ کەشوهەوای کوردستان کورد لەئەوانی وەرگرتووە، لەکاتێدا سوپای یەنیچەری عوسمانی دوای داگیرکردنی خاکی گەلە ژێردەستەکانیان بەتایبەت لەو منداڵە بێ باوك و دیلانەی

لەکاتی جەنگ بەتایبەت لەسەردەمی جەنگەکانی لەگەڵ ئەوروپا دەکەوتنە دەستی عوسمانی ئەو سوپای یەنیچەریان لێ دروست کردن و بەریان دانە گیانی خەڵکی ژێردەسەڵاتی خۆیان و دوژمنەکانیان.

سەبارەت بەکەلتور و هەموو بوارەکانی کۆمەڵگای کوردی بەم شێوەیە لەبەرچاوی کورد، سووك و بێ نرخیان پیشانداوە، هەرئەمەش وایکردووە کورد نەتەوەی سەردەستی لەلا پیرۆز و شیاوتر بێت لەنەتەوەی خۆی و ملکەچی بڕیارەکانیان بن و لەناوخۆدا بەگژیەکتریان دابکەن و توندوتیژی بەرامبەر یەکتربنوێنن. بەتێپەڕبوونی کات کورد گەیشتۆتە ئەو بیروبڕوا دژەخۆیی و خۆبەکەم زانینە، ئەمە وای کردووە دوژمن زیاتر بتوانێ زەفەریان پێ بەرێ، عەشیرەت لەدژی عەشیرەت وبنەماڵە لەدژی بنەماڵە و شار لەدژی شار هانیان بدا و بەگژیەکتریان دابکات، بۆئەوەی ئەوەندەی کێشەی ناوخۆیان هەبێت نەپڕژێنەسەر ئەوەی لەبنەما و ڕیشەی خۆیان بکۆڵنەوە، کاتێك کورد خۆی گاڵتە بەهەڵپەکێی کورد و بەئاییینی ڕابردووی خۆی دەکات، ئەو ڕقەکە لێ ناخیدا دروست کراوە، لەلایەن نەتەوە سەردەستەکانەوە، لەکاتێکدا هەمیشه لەگەڵ یەکتر لەکێشە و ماملانێدان، بەڵام بەشانازییەوە ئامادەن مامەڵە لەگەڵ نەیارانی نەتەوەکەی خۆیاندا بکەن.

کەم نەتەوە هەیە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەندەی کورد حەزبە ئاشتی و ئاسوودەیی و هەڵسوکەوتی شارستانی بکات، تەنانەت لەکاتی شەڕیشدا کورد هەستی مرۆڤایەتی و ڕۆحی لێبوردەیی دەنوێنێت، لەلێقەوماندا هاوکاری دوژمنەکەشی دەکات، داڵدەدانی ئاشووری و ئەرمەنی لەدەست تورکان و عەرەبە خەواریجەکان لەدەست عەرەبی برای خۆیان، نزیکترین نموونەش داڵدەدان و پاراستنی سەربازە عەرەبەکانی کاتی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لەکۆتایی سەردەمی بەعسدا باشترین بەڵگەن، بێگومان هیچ یاسا و تۆمارێکی نووسراونییە، تاکورد ناچاربکات ئاوا مرۆڤدۆستانە مامەڵەبکات، بێگومان ئەوە فەرهەنگ و سروشتی کوردە بەوشێوەیە ڕەفتاردەکات، کەلە باب و باپیرانییەوە بۆی ماوەتەوە.

کەچی نەتەوەکانی تر هەمیشە پەسندنی بنەچە و خاك و ئاو و نیشتمانی خۆیان دەدەن، فەموو مێژوو گەواهی ئەوەدەدات تورکەکان سەردەمێکی هێندە زوونییە، کەلە بانەکانی (تبت)ی وڵاتی خۆیانەوە هاتوونەتە ئەم ناوچەیە و داگیریان کردووە و ئێستا بەخاکی دێرینەی خۆیانی دەزانن، بۆ نموونە: لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا سۆڤیەت هاتە ناو خاکی ئێرانەوە، ئازربایجان و بەشێکی کوردستان کەوتە ژێردەسەڵاتی سۆڤیەت، بڕیاردرا لەئازەربایجانی سۆڤیەتەوە چەند لیژنەیەکی تێکەڵاو لەئەندامانی حزبی کۆمۆنیست، ئۆرگانە دەوڵەتیەکان، فەرمانبەرانی دادوەری، ئاسایش و ئابووری، ڕەوانەی ئازەربایجانی ئێران بکرێن، عەزیز عەلیێڤ محەمەد کەریم ئۆغلی

سکرتێری سێیەمی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان سەرۆکایەتی ئەو لیژنانەی پێ سپێردرا، لەنیوەی دووەمی مانگی سێپتێمبەری 1941 ڕەوانە کرا بۆ ئەوەی دەست بەچالاکیەکان بکەن، میرجەعفەر باقرۆڤ لەیەکێك لەدیدارەکان لەگەڵ لیژنە ڕەوانە کراوەکان بۆ ئازەربایجان گوتی:" ئێوە دەزانن سوپای سوور لەماوەیەکی کەمدا زۆربەی هەرێمەکانی باکووری ئێرانی خستەدەست خۆی، هەموو ئەو شوێنانە، ئازەربایجانی ئێمەیە، بەگوێرەی بەڵگە مێژوویەکان، بەشی زۆری هەرێمی باکووری ئێران وەك قەرزوێن، ورمێ، میانە، مەراغە، تەورێز، ئەردەوێڵ، سەڵماس، خۆی، ئەنزێ و …هتد، شوێنی باب و باپیرانی ئێمەن، ئەگەر ڕاستتان دەوێت، تاران یەکێکە لەشارە کۆنەکانی ئازەربایجانی ئێمە" باقرۆڤ دەیویست بڵێت خاکی کورد و فارس هەمووی هی ئازەر بووە، زۆر شتی لەم بابەتە.

بەپێچەوانەی دوژمنانی کورد ئەو هەموو ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسانەی دەربارەی کورد دواون، پەسندی زمان و ڕەسەنی کوردیان داوە و مینۆرسکی ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسی ڕووسی بەچاوێکی بەرزەوە تەماشای ئەدەبی کوردی کردووە و دەڵی: نەبوونی لێکۆڵینەوە لەئەدەبی کوردی بۆتە هۆی ئەوەی نرخی تەواوی دیاری نەکرێ، ناوبراو لەکتێبی (کورد) وەڵامی ئەو بیروڕایە دەداتەوە کە گوایە کوردی فارسیەکی تێك شکاو و دەستکاری کراوە، دەڵێت: " بێگومان زمانێکی سەربەخۆیە و دەستووری فۆنێتیکی تایبەتی خۆی هەیە، هەروەها دەستووری زمانی تایبەتی خۆی هەیە، پێوەندی زمانی کورد لەگەڵ فارسی وەکو پێوەندی نێوان عەرەبی و ڕووسی وایە".

پۆل بایدار زانا و میسیۆنێری فەڕەنسایی لەکتێبی دەستوری زمانی کوردی دا دەڵێت: " زمانێکی خۆش و نەرمە، زمانێکی شیعری پڕئاوازە، خاسیەتی تایبەتی ڕستەی کوردی هەموو ژیان دەگرێتەوە، پێوەندی بەهێزی لەگەڵ تەبیعەت و جوانی تەبیعەت دا هەیە، هەروەها دەچێتە ناو ناخی گێتی ناوەوەی ئادەمیزادەوە".

سەرەڕای ڕاستی و ڕای چەندین زانا و شارەزای ئەو بوارە مایەی نیگەرانیە تائێستاش کورد بەپێچەوانەی نەتەوەکانی تر کەباسی ڕابردوو بکەیت ڕێکەوتی سەدان کەسی کورد دەکەیت پێی وایە، ئێمە لەڕابردوو هیچمان نەبووە و خاوەنی هیچ نین، ئەمە لەلایان بووە بەڕاستیەك مایەی گفتوگۆنییە، بەئومێدی ئەوەی لەم سەردەمەدا کەسەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و زانیستە، کورد خۆشی قۆناغێکی گەورەی بڕیوە لەپێشکەوتن و زانیست، ئەوە ببێتە هۆکاری زیاتر پێشکەوتن و ساغ کردنەوەی ڕیشەی خۆی و زمان و کەلتور و فەرهەنگی خۆی و ناساندنی بەگەلانی دنیا.